سێهەم

شەریك بۆ خوادانان لە پەرستراوێتیدا

﴿ الشرك في الألُوهيَّة ﴾

ئەم شیرکەش بریتی‌یە:

((أن يجعل لله نداً **يسويه** بالله في شيءٍ من خصائص الألوهية يدعوه كما يدعوا الله أو يخشاه كخشية الله أو يحبه كحب الله أو يتوكل عليه أو يذبح له أو ينذر له كما يفعل لله أو يطيعه كطاعته أو يتبعه على غير مرضاة الله أو يصرف له مع الله أو دونه نوعاً آخر من أنواع العبادة))[1].

واتە: شیرك لە پەرستراوێتیدا ئەوەیە کە عەبد هاوەڵ و شەریکێك بۆ خوا دابنێت و یەکسانی بکات بە خوا، لە شتێك لە تایبەتمەندێتی‌یەکانی پەرستراوێتی، کە جۆرەکانی پەرستنن: وەك ئەوەی کە هاواری بکاتێ هەروەکو هاوار دەکاتە خوا !، یاخود ڕەجای لێ بکات وەك چۆن ڕەجا لە خوا دەکات !، یاخود خۆشی بوێت هەروەکو خوای خۆش دەوێت، کە بەگەورە دانان و مل کەچی بۆ نواندنی لەگەڵە وە یاخود لێی بترسێت چۆن لە خوادەترسێت!، یان پشتی پێ ببەستێت وئیعتیمادی بخاتە سەر وەك چۆن ئیعتیماد دەخاتە سەر خوا !.

وە یاخود گوێڕایەڵی دەکات و شوێنی دەکەوێت هەروەکو چۆن خوای گەورە گوێڕایەڵی دەکرێت، یاخود هەر جۆرێکی تر لە جۆرەکانی عیبادەتی بۆ ئەنجام درابێت لەگەڵ خوا بەشەریکی یا بە تەنها بۆ ئەو، بەبێ ئەنجامدانیشی بۆ خوا.

ئەمە بە کورتی و بە پوختی پێناسەی شیرك بوو لە پەرستراوێتیدا. وە ئێستاش ئەم کورتە پێناسەیە شی دەکەینەوەو، تۆزێ بە درێژی باسی جۆرەکانی دەکەین، بەم شێوەیەی کە دێت:

شیرك لە پەرستندا شەش جۆری سەرەکی هەیە کە ئەمانەن:

١- شرك الدعوة أي الدعاء

٢- شرك النية والإرادة والقصد.

٣- شرك الطاعة.

٤- شرك المحبة.

(١) القول السديد: ص ٢٤ عبدالرحمن بن السعدي.
وقال العلاّمة أحمد بن علي المقريزى المتوفَّى سنة٨٤٥ ، في كتابه((تجريد التوحيد المفيد)) ص:٨.
((ومن خصائص الأُلوهية السجود، فمن سجد لغيره فقد شبهه به، ومنها التوكل؛ فمن توكل على غيره فقد شبَهه به. ومنها التوبة؛ فمن تاب لغيره فقد شبهه بهِ ومنها الحلف؛ فمن حلف بغيره فقد شبهه به. ومنها الذبح له؛ فمن ذبح لغيره فقد شبهه به.ومنها حلق الرأس... إلى غير ذلك.*هذا في جانب التشبيه*)).

٥- شرك الخوف.

٦- شرك التوكل.

جۆری یەکەمی شەریک بۆ خوا دانان لە پەرستندا:

[شەریك بۆ خوا دانان لە پەرستن و هاوار بۆ كردن و داوا لیٚ كردن]
[شرك الدُّعاء]

پێش باس كردنی حوكمی ئەم جۆری یەكەمە پێویستە بزانین: وشەی(**الدُّعاء**) بنچینەو ڕەگەزەكەی بریتی‌یە لە ﴿ دعـــو ﴾. ئەم وشەیە لە قورئان و حەدیسدا بەدوو مانا هاتووە :

یەكەم: (**دعاء العبادة**) واتە: **دوعای پەرستن بۆ كردن** :

(وهو التذلل والخضوع والانكسار بين يدي الله، ويدخل فيه كل القُرُبات الظاهرة والباطنة لأن المتعبِّد لله طالب بلسان حاله من ربه قبولَ تلك العبادة والإثابة عليها)[1]

(فالذاكر لله والتالي لكتابه والمصلي والحاج والمتصدق والآمر بالمعروف ونحوها طالب من اللهِ في المعنى [2])

واتە: دوعای پەرستن بۆ كردن و زەلیلی و مل كەچ بون بە جۆرەكانی بەندایەتی وەك نوێژو ڕۆژو حەج و زەكات وتێكـڕای جۆرەكانی تری عیبادەت كە موسڵمان بەنیەت و مەبەستی ئەوە ئەو بەندایەتی‌یـە دەكـات بـۆ ئـەوەی اللهُ خۆشـی دونیـاو قیامەتی پیٚ ببەخشێت و ناخۆشی هەردوولای لەسەر لادات[3].

كەواتە لەڕاستیدا هەموو جۆرەكانی عیبادەت هەر داوا لیٚ كردنن، بەڵام نەك بە زمانی دەم، بەڵكو بـە بـەزمانی حـاڵ و مەبەست و نییەت. جا لەبەرئەوە كەواتە هەموو جۆرەكانی عیبادەت پێیان دەوترێ: ﴿دُعاء﴾. چونكە:

(دعاء العبادة تستلزم دعاء المسألة)

واتە هەموو جۆرەكانی پەرستن، داوا كردنیش دەخوازن و پێویستی دەكەن و بە خۆیەوە دەگرن؛ چونكە بۆ نمونە نوێـژ كـە ﴿دعاء العبادة﴾ یە، واتە عیبادەتێكە بۆ ئەوە دەیكەیت تـاوەكو خـوا پاداشــتت بداتــەوە لــە ســەری و خێــرو خۆشــیت پــیٚ ببەخشیٚ و نارەحەتی و ناخۆشیت لەسەر لابەریٚ كەواتە لەگەڵ ئەوەدا كە عیبادەتێكە لەهەمان كاتیشـدا داواكاریـە واتـە ﴿دعاء مسألە﴾ یە وە هەموو جۆرەكانی تری عیبادەتیش بەهەمان شێوە.

نمونەو حوکمی دوعا بە واتای: عیبادەت (دعاء العبادة):

وە بەڵگەش زۆرە لەسەر ئەوەی كە بە هەموو جۆرەكانی پەرستن دەوترێ دُعاء؛ واتە دعاء بە مانای عیبادەت هاتبێت.

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) فتح المجيد:ص١٧١والقول المفيد:١/١٤٨ابن عثيمين.

(٣) يعبده رجاء نفع وخوف ضرّ.

وە لە هەموو بەڵگەکانیشدا حوکمی (دعاء العبادة) ڕوون بۆتەوە، کە پێویستە هەموو جۆرەکانی پەرستن تەنها بۆ ﷲ بکرێن بە خالصی، وە دروست نی یە بە هیچ شێوەیەك هیچ کام لە جۆرەکانی عیبادەت ئەنجام بدرێ، بۆ غەیری خوا، هەرچەندە فریشتەی لە خوانزیکیش بێ، یاخود پێغەمبەرێکی نێردراویش بێ، یا وەلی و پیاوچاکیش بێ؛ چونکە بەندایەتی بۆکران، تەنها ماف و حەقی ﷲ یەو، شایستەی پەروەردگارە؛ جا لەبەرئەوە ئەنجامدانی هەر جۆرێکی عیبادەت وەك ڕکوع و سجود وسەر دانەواندنەوەو، حەیوان سەربڕین و، نەزرکردن و...بۆ غەیری ﷲ، بە شیرکی گەورە دادەنرێت. وەك لەم بەڵگانەدا دەردەکەوێت:

(١) - ﴿فَادْعُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ﴾. (غافر: من الآية١٤)

(أي فاعبدوا الله، وأخلصوا عبادته له وحده، لا تعبدوا معه غيره).

واتە: خوا بپەرستن بە تەنهاو خالصی بێ ئەوەی شەریکی بۆ دابنێن لە عیبادەتدا.

(٢) ﴿لَنْ نَدْعُوَ مِنْ دُونِهِ إِلَهاً﴾ (الكهف: من الآية١٤) [أي لن نعبد]

واتە: ئێمە غەیری ﷲ هیچ پەرستراوێکی تر ناپەرستین.

(٣) ﴿أَتَدْعُونَ بَعْلاً وَتَذَرُونَ أَحْسَنَ الْخَالِقِينَ﴾ (الصافات:١٢٥). أي أتعبدون بعلاً.

واتە: ئایا ئێوە گوێرەکەیەك دەپەرستن، وە واز دەهێنن لە تەنها پەرستنی باشترین خولقێنەر!!.

(٤) ﴿قُلْ إِنَّمَا أَدْعُو رَبِّي وَلا أُشْرِكُ بِهِ أَحَداً﴾ (الجن:٢٠).

واتە بفەرموو من تەنها پەروەردگارم دەپەرستم، وە هیچ کەسێك و شتێك ناکەمە هاوەڵ و شەریکی.

(٥) ﴿وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ لا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾ (المؤمنون:١١٧)

واتە: هەر کەسێك لەگەڵ ﷲ پەرستراوێکی تریش بپەرستێ کە لەڕاستیشدا هیچ بەڵگە یەکی بە دەستەوە نی یە لەسەر ئەو کارەی، ئەوە حیسابی لای پەروەردگار ئەوەیە کە کافرەو سەرکەوتوش نابن کافران.

(٦)- عن ابن مسعود ﷺ أنّ رسول الله ﷺ قال: ((من مات وهو يدعو من دون ﷲ نداً؛ دخل النار))[(١)].

واتە هەرکەسێ مردبێ لە حاڵەتێکدا کە غەیری ﷲ ی دەپەرست؛ ئەوە دەچێتە ناو ئاگر.

کەواتە ئەم بەڵگانەی پێشوو چەند نمونەیەك بوون لەسەر ئەوەی کە لە قورئان و سوننەتدا وشەی (**دُعاء**) بەمانای (**عیبادەت**) هاتووە، وە لە خودی بەڵگەکانیشدا حوکمەکەش دەرکەوت، کە هەرکەسێ غەیری خواپەرستێ بە هەر پەرستنێك بێت، ئەوە شەریکی بۆ خوا داناوەو شوێنیشی دۆزەخە. پەنا بە خوا.

دووەم: (دعاء المسألة): دوعای داوا لێ کردن :

(وهو طلب جلب النفع أو دفع الضر بلسان المقال)[(٢)].

---

(١) البخاري ٤٤٩٧.

(٢) المدخل لدراسة العقيدة:ص ١٢٨.

واتە بەزمان و وتە، داوای هێنانی سودێك یا لادانی زەرەرێك بکەیت.

حوکمی داواکردن لە خوا

مرۆڤ فەرمانی پێکراوە لەلایەن خوا و پێغەمبەر ﷺ بەوەی کە ئەم جۆرە دوعاو داواکردنە لە خوا بکاتەوە خوای گەورە پێی خۆشە بۆ هەموو پێویستی‌یەك داوا لەو بکەین؛ کەواتە ئەم جۆرە دوعا و داواکردنە لە خوا بۆ هێنانی خێرو خۆشی و لادانی زیان و ناخۆشی دونیاو قیامەت عیبادەتە بۆی؛ وەك لەو بەڵگانەدا دەردەکەوێت:

(١) پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی (الدعاء هو العبادة)[1].

واتە: داواکردن و لێ پاڕانەوە عیبادەتە.

وەهەروەها لەوەدا دەردەکەوێ کە داوا کردن عیبادەتە چونکە:

(دعاء المسألة تتضمّن دعاء العبادة)

واتە: دوعای داواکاری عیبادەت دەگرێتە خۆی؛ .چونکە لێ پاڕانەوەو بەگەورەو بەخشندە دانانی خوایە و زەلیلی و بێ دەستەلاتی‌و فەقیری و پێویستی نواندنە بەرامبەر ﷲ کە ئەمەش بنچینەی عیبادەتە. ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ﴾ (الأنبياء: من الآية٩٠).

(٢) خوای پەروەردگاریش پێی خۆشە داوای لێ بکەین وەك لە حەدیسدا هاتوە: (سلوا الله من فضله، فإن الله يحب أن يُسأل)[2] واتە: لە ﷲ داوای فەزڵ و بەخششی بکەن؛ چونکە خوا حەز دەکا داوای لێبکرێت.بەپێچەوانەی خەڵکی کە بە داوا لێکران ناخۆشحاڵ و دڵ تەنگ دەبن!

وە هەرکردار و گوفتارێکیش خوا پێی خۆش بێت ئەوە عیبادەتە.

(٣) وە فەرمانی پێ کردوین کە داوای لێ بکەین بە تەنها وە هەرکردار و گوفتارێکیش خوا و پێغەمبەر ﷺ فەرمانیان کردبێ بە کردنی ئەوە عیبادەتە.وەك لەم فەرمانانەدا دەردەکەوێت.

﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ (غافر: من الآية٦٠).

واتە پەروەردگارتان فەرمویەتی: داوام لێ بکەن وەڵامتان دەدەمەوە.

﴿ادْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ (الأعراف:٥٥).

واتە: هاواربکەنە پەروەردگارتان و داوا لەو بکەن بەزەلیلی و نهێنی‌یەوە.

وە پێغەمبەریش ﷺ فەرمانی بەوە کردوە:

---

(١) البخاري(الأدب المفرد) ٧٢١ والترمذي٣٣٧٢

(٢) الترمذي ٣٥٧١.

﴿أُدع إلى ربك الذي إن مسّك ضرٌ فدعوته كشف عنك، والذي إن أضللت بأرض قفر فدعوته ردّ عليك، والــذي إن أصابتك سَنَةٌ فدعوته أنبت لك﴾[١].

واتە هاوار بكە ئەو پەروەردگارەت كە ئەگەر ناڕەحەتیت توش هات و داوات لێ كرد لێت لادەدا. وەئەگەر ولاخەكەت لــێ بەرەڵاو ون بوو لەبیابانێكی بێ ئاوو چۆڵەوانی وەهاوارت كردێ بەفریات دێ و بۆت دەگەڕێنێتەوە. وەكاتێك وشكانی وگرانــی ڕوی تێ كردیت تۆش داوات لێكرد بارانی بۆ باراندیتەوەو ڕوەكی بۆ زیندو كردیتەوە !.

(٤) وەخوای گەورە تورە دەبێ لەوانەی داوای لێ ناكەن و خۆیان بەگەورە و بێ پێویست دەزانن لەئاستی پاڕانــەوە لێی وەك فەرموویەتی:

﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ (غافر: ٦٠).

وە وشەی (عبادتي) یەعنی (دعائي) بە بەڵگەی سەرەتای ئایەتەكە كە فەرموویەتی (ادْعُونِي).

وە پەروەردگار فەرمویەتی :

﴿ لَنْ يَسْتَنْكِفَ الْمَسِيحُ أَنْ يَكُونَ عَبْداً لِلَّهِ وَلا الْمَلائِكَةُ الْمُقَرَّبُونَ وَمَنْ يَسْتَنْكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِ وَيَسْتَكْبِرْ فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيْهِ جَمِيعاً ﴾ (الجاثــية:٢٣).

* وە لەم دوو ئایەتە پیرۆزە ئەوەشمان بۆ دەركەوت كە:

وازهێنان لە [پەرستن و داواكردن لێی]، هەر شیركەو كوفرە؛

چونكە لەم حاڵەتەدا شوێن نەفسی خراپی كەوتوەو ئەوی كــردووە بــە پەرســتراو(**إلـه**). وەك پــەروەردگار پــەردەی لاداوە لەسەر ئەم پەرستراوە پوچەڵە نهێنییەش كە فەرمویەتی:

﴿أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَى عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَى سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَى بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَنْ يَهْدِيهِ مِنْ بَعْدِ اللَّهِ أَفَلا تَذَكَّرُونَ﴾ (الفرقان:٤٣).

﴿أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنْتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلاً﴾ (طــه:١٦).

﴿فَلا يَصُدَّنَّكَ عَنْهَا مَنْ لا يُؤْمِنُ بِهَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَتَرْدَى﴾.

﴿وَاصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ وَلا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَنْ ذِكْرِنَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ وَكَانَ أَمْرُهُ فُرُطاً﴾ (الكهف:٢٨).

﴿وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِنْ تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَثْ ذَلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (الأعراف:١٧٦).

حوكمی داواكردن لە غەیری خوا

داواكردن لە غەیری خوا دوو جۆرە:

جۆری یەكەمی داواكردن لە غەیری خوا:

(١) صحيح الجامع الصغيروزيادته (ترتيب:٣٨٧/٤)

داوای شتێك لەغەیری ﷲ بكات كە تەنها لەدەسەلاتی ﷲ دابێت وەك داوای شیفای نەخۆشی لە یەكێك بكات یا داوای منداڵ بونی لێ بكات، وەیاخود داوا لە شەخصێكی غایب و نا ئامادە بكات، بۆ نمونە هاوار بكاتە شەخصێكیدور لەشاری خۆی یا كەسێكی مردو .

ئەم جۆرە داواكاریانە لە غەیری خوا شەریك و هاوەڵ دانانە بۆی لەوەدا كە ئیعتیقادیوای بەو كەسە داوالێ كراوە هەیە كە توانای وەڵامدانەوەی هەیە لەوشتانەدا كە تەنها لەتوانای خوادان، وە ئیعتیقادی وایە كە لەدوریشەوە وە بەمردوییش داواكاریەكەی دەبیستێت و توانای وەڵام دانەوەشی هەیە ـ پەنا بەخواـ ئەمە شیركی گەورەیە لە چەند لایەنێكەوە:

(١) لەلایەنی ئیعتیقاددا.

(٢) وەهەروەها لەلایەنی داوا لێ كردن و پەرستن وپشت پێبەستنیشدا.

(٣) وە هەروەها لەلایەنی تەشبیە كردن و چواندنیشی بەپەروەردگار لە سیفاتەكانی بیستن و وەڵامدانەوە و بەهاناهاتن !.

وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی كە ئەم جۆرە داواكاریە شیركی گەورەیە چەندەها ئایەتی قورئانە وەك :

(١) ﴿وَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُ مُنِيبًا إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُ نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِيَ مَا كَانَ يَدْعُو إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا إِنَّكَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ﴾ (الزمر:٨).

واتە: موشریكەكان كاتێك كەلێیان قەومابا یا كەوتبانە تەنگانەو ناڕەحەتیەكەوە ئەو بەتەنها هاواریان دەكردە ﷲ و دەگەڕانەوە بۆ لای ئەو چونكە دەیان زانی كە تەنها ئەو توانایلادانی ئەو ناڕەحەتییەی هەیە بۆیە بەتەنها داوای بەفریاكەوتنیان لەودەكرد.

بەڵام دوای ئەوە كە ڕزگاری دەكردن و لە ناڕەحەتییەوە دەیهێنانە خۆشیو ئاسودەبیوە ئەو پەروەردگارەیان لە بیر دەچوو كە لەتەنگانەدا هاواریان دەكردیو بەفریایان دەهات. بۆ یە ئەم جار هاواریان دەكردە غەیری خواو وێنەو شەریكیان بۆ دادەنا لە داواو هاوار لێكردندا.بۆ ئەوەی خەڵكیش گومڕا بكەن هەروەك چۆن خۆیان گومڕا بوون.

خوای گەورەش بەهەڕەشە فەرمووی: بەو جۆرە موشریكە سپلانە بفەرموو: ڕابوێرن بەكوفرو شیرك و گومڕاییەكەتان كەمێك، لەو ژیانە كورتەی دنیادا وەبزانن كە ئێوە ئەهلی ئاگری دۆزەخن ئەوێ شوێنتانە و ڕابواردنی دونیاتان لەیاد دەباتەوە.

كەواتە لەم ئایەتەدا پەروەردگار هاوار كردنە غەیری خۆی بە شەریك و هاوەڵ دانان دانا كە فەرمووی (وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا) وەبەكوفریدانا كە فەرمووی (تمتع بكفرك) وەبە ئەهلی ئاگری دانان فەرمووی (إنك من أصحاب النار). واتە: تۆ لە دۆست و هاوەڵە بەردەوامەكانی ئاگری.

٢ - ﴿ فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ﴾(العنكبوت:٦٥).

٣ - ﴿ وَإِذَا مَسَّ النَّاسَ ضُرٌّ دَعَوْا رَبَّهُم مُّنِيبِينَ إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا أَذَاقَهُم مِّنْهُ رَحْمَةً إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ﴾(الروم:٣٣).

٤- ﴿وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِنْ قِطْمِيرٍ إِنْ تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ﴾ (فاطر:١٣-١٤).

٥- ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ مَنْ لَا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَنْ دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ. وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَاءً وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ﴾ (الأحقاف:٦).

واتە: کێ گومڕاترە لەو کەسەی لە غەیری خوا هاوار دەکاتە ئەوانەی کە وەڵامی هاوارەکەی نادەنەوەو بێ ئاگاشن لە هاوارو داواکەی. وە کاتێکیش خەڵکی کۆکرانەوە لە ڕۆژی دوایی دەبن بە دوژمنیان. وە بێ باوەڕ دەبن بەو بەندایەتی‌یەی بۆیان دەکردن و، بەو هاوارەی کە دەیان کردنێ.

کەواتە دوعا بە هەردوو ماناکەیەوە تەنها حەقی ئەو پەروەردگارەیە کە دروست کارمانەو ڕزق و ڕۆزیمان دەدات و ژیان و مردن و خۆشی و ناخۆشی و سودو قازانج و بەهەشت و دۆزەخی بەدەستەو، بیسەری هەموو داواکاریەکە و بەتوانایە لەسەر ئەنجامدان و وەڵام دانەوەی هەموو داخوازیەك و داواکاریەك. وە ئەوەی بیەوێت هەر ئەوە دەبێت و ئەوەش نەیەوێت ببێت کەس ناتوانێت بیهێنێت..ئەو زاتە بەتوانایە پەروەردگارەش تەنها (الله) **یە کە تەنهایەو شەریکی نی‌یە** (الله أحد) **و جێگای ڕازو نیازو ئومێدە** (الله الصمد)، **وە وێنەو هاوشێوەی نیە** (و لم يكن له كفواً احد).

جۆری دووەمی داواکردن لە غەیری خوا

ئەم جۆرەیان داواکردنی شتێکە کە لە توانای مرۆڤدا هەیە لە کەسێکی زیندوی ئامادەو مەوجود. بۆ نمونە داوا لەهاوڕێ‌یەکی دەکات بارێکی لەگەڵ بارکات یا ڕێگایەکت نیشان بدات، یا وەڵامی پرسیارت بداتەوەو یا یارمەتی‌یەکت بدا یا...هتد ئەم جۆرەیان دروستەو گوناح نیە.

جۆری دووەمی شەریک بۆ خوا دانان لە پەرستندا:

شیرك لە نیەت و ویست و مەبەستدا

(شرك النية والإرادة والقصد)

حەقی خوا لەسەر بەندە ئەوەیە، کە لە هەموو کارێکیدا تەنها مەبەستی ڕەزابونی خوا بێت و نیەتی یەکێکی تر یا شتێکی تریش نەبێت لەگەڵ خوا.. وەهەموو ئومەتان فەرمانیان بەوە پێ کراوە کە خوا بپەرستین بەخالصی و دور لەشیرك.

﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾ (البينة:٥).

بەڵام مرۆڤ ئەگەر نیەت و مەبەستەکەی لەبنەڕەتەوە پێچەوانە کردەوە لەخواوە بۆ غەیری خوا، بەشێوەیەکی وا کەتەنها لە کردەوەکانیدا مەبەستی دەست کەوتنی غەیری ڕەزامەندی ﷻ بێت ئەوە شیرکی گەورەیە. بۆ نمونە سەربڕینی حەیوان بۆ غەیری خوا لەبنەڕەتدا.وەك سەر بڕینی بۆ قەبری شێخێك، یا لەبەردەم دەسەڵات دارێك!! جا یەکسانە ئەگەر:

(أ) مەبەستی دەست كەوتنی دونیاو زەعامەت و پلەو پایەو ڕابواردنی دونیا بێت، وەك كافرەكان كەتەنها مەبەستیان دونیا بوو لە ژیانیاندا.

وەك پەروەردگار فەرمویەتی :

﴿مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لا يُبْخَسُونَ. أُولَئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ إِلَّا النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا فِيهَا وَبَاطِلٌ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (هود:١٥/١٦)

واتە: ئەوەی كەتەنها ژیانی دونیا و جوانیەكانی مەبەستە ئەوە ئێمە لە دونیادا داخوازیەكانی و مەبەستەكانی بۆ دابین دەكەین بەئەندازەی ویستی خۆمان كە بڕیارمان لەسەر داوە بۆیان — نەك بەگوێرەی مەبەست و ئاوات و هەڵپەی خۆیان- وە لەدونیا بەرهەمی ڕەنجی خۆیان وەردەگرن بەڵام لەدوا ڕۆژدا هیچ پاداشتێكیان نیە و تەنها ئاگری دۆزەخیان بۆهەیە و كردەوەكانی دونیاشیان پوچەڵەو لای خوا قەبوڵ نیە چونكە بەمەبەستی ئەو نەیان كردووە وەنیەتیان تەنها دونیا بوو.

(ب) یاخود مەبەستی تەنها پێش چاوی (ریاء) خەڵكی بێت بۆ ئەوە بیكات لە موسڵمانان حیساب بكرێت لەبەر ئامانجێكی دونیایی كەئەمەش حاڵی موونافیقەكان بوو :

﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلاةِ قَامُوا كُسَالَى يُرَاؤُونَ النَّاسَ وَلا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلاً﴾ (النساء/١٤٢). واتە ئەگەر هەستاپان بۆ نوێژ ئەوە بەتەمبەڵی هەڵدەستان و ڕیابازیان دەكرد و یادی خوایان نەدەكرد كەم نەبێت. وەدەفەرموێت :

﴿كَالَّذِي يُنْفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ وَلا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ (البقرة: من الآية٢٦٤).

واتە: وەك ئەو مونافیقانەی كە ماڵەكەیان دەبەخشن بەڕیایی نەك لەبەر خاتری خوا، وەئیمان ناهێنن بەخواو بەڕۆژی دوایی.

تێبینی یەكەم: ئەگەر لەبنەڕەتدا نیەت و مەبەست خوا بوو لەكردەوەدا بەڵام دوایی نیەتی ڕیایی تێكەڵاو بوو ئەوە شیركی بچوكە نەك گەورە وەك ئەوەی دەست بكات بە نوێژێك لەبەر خاتری خوا دوایی كە هەست بەبینینی كەسانێك دەكات زیاتر بۆ خاتری ئەوان دەیڕازێنێتەوە و نوێژەكەی جوانتر دەكات ئەمەش شیركی بچوكە لەو كردەوەیەدا و بەگوێرەی ڕیایەكەی گوناهی زیاد دەبێ و ئەجری كەم دەبێ. لەم بارەیەشەوە شێخ حافظ الحكمي فەرمویەتی:

[(أ) فإن كان الباعث على العمل هو إرادة الله والدار الآخرة وسلم من الرياء في فعله، وكان موافقاً للشرع فذلك العمل الصالح المقبول.

(ب) وإن كان الباعث على العمل هو إرادة غير الله عز وجل فذلك النفاق الأكبر، سواء في ذلك: ١- من يريد به جاهاً ورئاسة وطلب دنيا، ٢- ومن يريد حقن دمه وعصمة ماله وغير ذلك.فهذان ضدان ينافي أحدهما الآخر لا محالة.

(ج) وإن كان الباعث على العمل هو إرادة الله عز وجل والدار الآخرة، ولكن دخل عليه الرياء في تزيينه وتحسينه فذلك الذي سماه النبي ﷺ -الشرك الأصغر ...وهذا لا يخرج من الملة، ولكنه ينقص من العمل بقدره، وقد يغلب على العمل فيحبطه كله والعياذ بالله)] [1].

(١) معارج المقبول (٤٥٠/١-٤٥٤)

تێبینی دووەم :

ئەگەر هاتوو لەبنەڕەتدا نیەتی خوا بوو لەکردەوەیەکدا وەهەروەها نیەتی ڕیاش بوو هەر لەبنەڕەتـەوە ئەوەشـیان گومـانی تێدانیە کە کردەوەیەکی پوچەڵەو نامـەقبوڵە چونکە لەحەدیسێکی قودسیدا پەروەردگار فەرمویەتی:

((أنا أغنى الشركاء عن الشرك فمن عمل عملاً أشرك معي فيه غيري،تركته وشركه))[١]

واتە: من لە هەموو شەریکەکان بێ پێویست تر و دەوڵەمەند ترم؛ جا لە بەر ئەوە هەر کەسێ کارێك (عیبادەتێـك) بـۆ من بکات و یەکێکی تریش بکاتە شەریکم تیایدا لەنیەت و مەبەستی ئەوە من واز دەهێنم لـەو کەسـە خۆیشـی و شـیرکە کەیشی.واتە من هیچ بەشێکی کردەوەکەی لیّ قەبوڵ ناکەم و بە عەبدی خۆشمی دانانێم لەو کردەوانەدا!.

تێبینی سێهەم جۆرەکانی ڕیایی :

١- ڕیایی گەورە مرۆڤ پێی لەدین دەچێتە دەرەوە و کافر دەبێت کەئەمـەش بریتی‌یە لەتەنها غـەیری خوا مـەبەسـت بـوون لە بنەڕەتی کردەوەکانەوە وەك ڕیایی مونافیقەکان لەکاتی نوێژو عیبادەتـدا. ﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلَاةِ قَامُوا كُسَالَى يُرَاءُونَ النَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ (النساء:١٤٢).

٢- ڕیایی بچوك: کە لەبنەڕەتدا مـەبەستی خوایە بەڵام نیەتی ڕیایی تێکەڵاو دەبێت. ئەمـەیان شرکی بچوکە و بەشیرکی ون (الشرك الخفي) **ناو براوە.**

جۆری سێیەمی شەریک بۆ خوا دانان لە پەرستندا:

شیرك لە گوێڕایەڵیدا (الشرك في الطاعة)

هەر یەکێك گوێڕایەڵی کەسێك بکات وەك گوێڕایەڵی کردنی خوا، واتە ئیعتیقادیشی وابێت کە ئەوکەسەی گوێڕایـەڵی بۆ دەکرێت شایستەی ئەوەیە فەرمانـدەر بێـت و یاسـاو شـەرع دابنێـت و گوێڕایـەڵی بکرێـت؛ ئـەوە ئەوکەسـەی کـردووە بەشەریکی خوا لە ئیعتیقادی پەروەردگاریشدا و لە گوێڕایەڵی و عیباتەتیشدا.

وەپەروەردگار لە قورئاندا ڕوونی کردۆتەوە کە گوێڕایەڵی غـەیری خوا لە بەحەرام دانانی حـەڵاڵێك، یـا بەحـەڵاڵ دانـانی حەرامێك شیرکە، وە شەریك دانانە بۆ خوا لەشەریعەت داناندا.

﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾ (الأنعام: من الآية١٢١).

واتە ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵیتان کردبان لە حەرام کردنی حەڵاڵ و حەڵاڵ کردنی حەرامدا، ئەوە ئەوانتان کردون بەشـەریکی خوا لەمافی شەریعەت داناندا.

﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾(المائدة: ٤٤).

وەفەرمویەتی: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ﴾ (الشورى: من الآية٢١).

---

(١) رواه مسلم رقم (٢٩٨٥)

واتە ئایا ئیعتیقادیان بەچەند شەریك و هاوەڵێکە بۆ خوا شەرعیان بۆ دانابن کە ئیزن و ڕوخسەتی پەروەردگاری لەسەر نیە ؟!

وەدەفەرموێ: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَاباً مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ (التوبة: من الآية٣١)..

واتە: زاناو عابیدەکانیان کردبوون بە پەروەردگارجگە لەخوا. چونکە زانا خراپەکان و عابیدە نەفامەکان حەڵاڵیان لێ حەرام دەکردن و حەرامیشیان بۆ حەڵاڵ دەکردن. ئەوانیش ئیعتیقادیان پێیان بوو، وە گوێڕایەڵیان دەکردن لەسەر ئەو حاڵەش. کەواتە پێویستە مرۆڤ ئیعتیقادی وابێت کە تەنها پەروەردگاری دروست کاری بونەوەر مافی یاساو شەرع دانانی هەیەو شایستەی ئەوەیە (ألا له الخلق والأمر)، وە غەیری ئەو کەس شایستەی شەرع دانانی نیە هەتاوەکو پێغەمبەریش ﷺ وەك خوا پێی دەفەرموێ: (وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ)[1]. واتە حوکم بکە لەنێوان خەڵکیدا بەو شەرع و یاسایەی کە خوا ناردویەتی‌یە خوارەوە. بۆیە پێغەمبەریش ﷺ دەیفەرموو:

(إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ إِنِّي أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ (يونس: من الآية١٥).

واتە من شوێن هیچ شەرعێك ناکەوم تەنها ئەوە نەبێت کە بەوەحی بۆم دادەبەزێ.

کەواتە بۆمان دەرکەوت کە گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر ﷺ ، گوێڕایەڵی کردنی فەرمانی خوایە، چونکە ئەو ﷺ فەرمانەکانی خوامان پێ ڕادەگەیەنێت، وە هەموو فەرمانەکانی لەوەحی‌یەوەیە. ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾ (النساء: من الآية٨٠).

بەڵام غەیری پێغەمبەرﷺ پێویستە سەیری فەرمان و حوکمەکەی بکرێت ئەگەر موافقی فەرمانی اللَّهُ بوو ئەوە گوێڕایەڵی‌یە بۆ فەرمانی خوا لەو حاڵەتەدا وەك پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ ﴾ (النساء: من الآية٥٩).

واتە: گوێڕایەڵی خوا بکەن و گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکەن وەهەروەها پێشەواو فەرمان بەدەستەکانیشتان لەوەدا کەفەرمانی خوای لەسەرە بەڵام کەفەرمانەکانیان پێچەوانەی فەرمانەکانی خوا بوو ئەوە (لا طاعة في معصية اللَّهُ)[2] واتە: گوێڕایەڵی کەس ناکرێت لەسەرپێچی فەرمانی خوادا . . .

تێبینی: ئەگەر هاتوو مرۆڤ بە ویستی خۆی گوێڕایەڵی کەسێك، یان یاسایەکی کرد کە پێچەوانەی شەرع و فەرمانی خوا بوو ئەوە دوو حاڵەتی هەیە[3].

(أ) حاڵەتی ئیعتیقاد پێ بوونیشی لەگەڵ بوو ئەوە شیرکی گەورەیە.

(ب) حاڵەتی ئیعتیقاد پێ نەبونیشی، شیرکی بچوکە، ئەگەر لەبەر بەرژەوەندی‌یەك یا لە ترسان گوێڕایەڵی بکات بێ ئەوەی بەحەق و دروستی دابنێت، ئەو حاڵەتەی دووەم گوناهەو تاوانە، بەڵام شیرکی گەورە نیە.

---

(١) (المائدة: من الآية٤٩).

(٢) (صحيح مسلم:١٨٣٩والبخاري: ٧١٤٥.

(٣) بروانة مجموع الفتاوى شيخ الإسلام ابن تيمية.

جۆری چوارەمی شەریك بۆ خوا دانان لە پەرستندا:

شەریك بۆ خوا دانان لە خۆشویستندا
(شرك المحبة):

مەبەست لەو خۆشەویستی‌یەی كەبۆ غەیری خوا ببێت شیركی گەورەیە، ئەو خۆشە ویستی‌یەیە كە ئەوپەڕی بە گەورە دانان و زەلیلی‌و مل كەچی‌و ژێر باری لەگەڵدایە بۆ خۆش ویستراو وەك ئەوەی كە یەكێكی خۆش ویست، خۆش ویستنەكەی بە شێوەیەكی وابێت كە زەلیلو مل كەچ و ژێر باریشی كردبێت و زۆریشی بەگەورە دابنێت.ئەمەش خۆش ویستنی بەندایەتی‌یە (محبة عبادة) كە بنچینەی كردەوە بەندایەتی‌یەكانی ترە و پاڵنەری عەبدە بۆ نزیك بونەوە لەخۆش ویستراو بە ئەنجامدانی ئەو كارانەی كە لای خۆش ویستراو خۆشەویستن. وەئەم جۆرە خۆش ویستنە عیبادەتەو ﷻ فەرمانی كردووە كە بە تەنها بۆ ئەو بێت وەئەوخۆش‌ویستنەبۆكەس‌ئەنجام‌نەدرێت نە لەگەڵ ئەو بەهاوبەشی، وەنەبێ ئەو بە تەنهایی وسەربەخۆیی چونكە ئەم جۆرە خۆش‌ویستنە تەنهاشایستەی پەروەردگاری گەورەو تەواوی خاوەن نیعمەت و بەهرەیە، نەك مرۆڤی بێ‌دەسەڵاتی نوقسانی بێ بەهرە.

وە لە ناو خەڵكیدا ئەم جۆرە شیركە هەیە وەك پەروەردگار دەفەرمویێت:

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ﴾ (البقرة: ١٦٥).

واتە: لەناو خەڵكیدا هەیە كە وێنەو هاوشێوەو شەریكی بۆ خوا داناوە لەوەدا كەخۆشی دەوێت وەك خۆش ویستنی خوا، واتە وەك ئەو خۆش ویستنەی بۆ خوا هەیە كە بەگەورە دانان و زەلیلی لەگەڵدایە. بەڵام بڕواداران خۆش ویستنەكەیان بۆ خوا زیاترە لە خۆش ویستنی موشریكان بۆ خۆشەویستەكانیان و ئیعتیقاد پێ بووەكانیان.

وە هەروەها خۆش ویستنی بڕواداران بۆ خوا پتەو ترە لە خۆش ویستنی موشریكەكان بۆی چونكە هی بڕواداران خاڵصەو تەنها بۆ خوایە بەڵام هی موشریكەكان تێكەڵەوتەنها بەشێكی بۆ خوایە.

ئیمام ابن القیم –رحمه الله– فەرمویەتی:

(الشرك بالله في المحبة والتعظيم بأن يحب مخلوقا كما يحب الله، فهذا من الشرك الذي قال سبحانه فيه: (ومن الناس من يتخذ من دون الله أندادا ...) وقال أصحاب هذا الشرك لآلهتهم، وقد جمعتهم الجحيم:

﴿تَاللَّهِ إِنْ كُنَّا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ إِذْ نُسَوِّيكُمْ بِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ (الشعراء:٩٨/٩٧).

ومعلوم أنهم ماسوّوهم به سبحانه في الخلق والرزق، والإماتة والإحياء، والملك والقدرة، وإنما سووهم به في الحب والتألُّه والخضوع لهم والتذلل ...)[1].

(١) الجواب الكافي ص١٩٥.

واتە: موشریکەکان لەناو ئاگری دۆزەخدا گومڕایەتی خۆیانیان بۆ دەردەکەوێت و ڕوو دەکەنە پەرستراوە ناحەقەکانیان و دەڵێن: سوێندبە ﷲ ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بوین کە ئێوەمان دەکردە یەکسانی ﷲ.وە بێگومان نەیانکردبونە یەکسانی ﷲ، لەوەدا کە بڵێن ئەوانیش دروستکارمانن و، ڕزق و ڕۆزی دەرو، زیندوکەرو مرێنەرمانن! ، بەڵکو لەخۆش ویستن و ملکەچ بون و زەلیلی بۆ نواندن و پەرستن بۆکردندا کردبویاننە هاوەڵ ویەکسانی ﷲ.

تێبینی :

١- کەواتە خۆش ویستنی غەیری خوا پێویستە لەبەر خۆشەویستی خوا (المحبة في ﷲ) بێت، نەك لەگەڵ خۆش ویستنی ئەو (المحبّة مع ﷲ)؛ چونکە یەکەمیان عیبادەتەو تەواوکەری خۆش ویستنی ﷲ یە، بەڵام دووەمیان شیرکەو کەمکەرەوەی خۆش ویستنی ﷲ یە.

٢- وە خۆش ویستنی غەیری خوا ئەگەر بەگەورە دانان و زەلیلیو مل کەچیو ژێرباری لەگەڵدا نەبوو ئەوە شیرك نییە. وەك خۆش ویستنی منداڵ و خزم و خێزان، کە خۆش ویستنێکی سروشتییە.(المحبة الطبيعيّة).

جۆری پێنجەمی شەریک بۆ خوا دانان لە پەرستندا:

ترسانێکی نهێنی بە ئیعتیقادەوە لەغەیری خوا

(الخوف السرِّي الاعتقادي [خوف عبادة وتعظيم][1] من الأصنام والأوثان والأولياء والأضرحة)

ترسان چەند جۆرێکی هەیە:

(١) ترسانێك کە لە بیروباوەڕ و ئیعتیقادی دڵەوە دروست بووە لە یەکێك کە زۆر بە گەورەو خاوەن دەسەڵات دادەنرێت و ئیعتیقادی ئەوەی پێ دەبرێت کە توانای هێنانی خێر و لادانی شەڕی هەیە؛ جا لەبەر ئەوە مرۆڤ لێی بترسێت و زەلیل و ملکەچی بێت وخۆ پارێزی بکات لەوشتانەی کە وادەزانێ ئەو پێی ناخۆشە، وەهەروەها ترسە ئیعتیقادییەکە وای لێبکات لێی نزیك بێتەوە بەهەر شێوەیەك کەوادەزانێ ئەو پێی خۆشە، وەك خێرو نەزر بۆ کردن و حەیوان بۆ سەربڕین و سوێند پێ خواردنی، لەبەر بەگەورە و پیرۆز دانانی. وەهۆی ئەم بەگەورە دانان و لێ ترسانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئیعتیقادبون بە دەسەڵات بونی بەسەر هێنانی خێر و لادانی شەڕ،بێ ئەوەی هۆی ترسانەکە بەرجەستەو هەست پێ کراوو بەرچاویش بێت.

ئەم جۆرەترسە لە عیبادەتە هەرە گەورەکانی دڵە، لەبەر ئەوە پێویستە تەنها بۆ خوا بێت. واتە تەنها لە خوا بترسین ترسانێك کە لە ئعتیقادەوە دروست بوبێت بەوەی کە خوای پەروەردگار زۆر بەتواناو تۆڵەیەو سەرپێچی کردنی دەبێتە هۆی سزای توندی بێ وێنە. وەئەو ترسە لە ﷲ عیبادەتێکی زۆر گەورەیە بۆی؛ چونکە دەبێتە هۆی خۆپارێزی کردن لە تووڕەیی خواو سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی و دۆزەخەکەی.. وە خوای گەورە فەرمانی پێکردوین تەنها لەو بترسین :

﴿وَقَالَ اللَّهُ لَا تَتَّخِذُوا إِلَٰهَيْنِ اثْنَيْنِ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ﴾ (النحل: من الآية٥١).

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

وە مەدحی ئەو بەندانەی دەکا کەلەو دەترسن:

﴿إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ﴾(الأنبياء: ٩٠).

﴿يَخَافُونَ رَبَّهُمْ مِنْ فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ (النحل: ٥٠).

بەڵام کە ئەم جۆرە ترسە نهێنی‌یە ئیعتیقادیە لە غەیری خوا هەبوو، ئەوە شیرکی گەورەیە هەروەك موشریکەکانی کۆن و نەفامانی ئەم سەردەمەش،لە ئەولیاو هەندێ قەبر دەترسن، چونکە ئیعتیقادیان وایە کە ئەو شێخ و ئەولیایانە توانای ئازارو زیان پێ گەیاندیان هەیە وەك دەبیستین دەڵێن هەرکەسێك درەختی وشکیش بپڕێت لەسەر گۆڕی فلان پیاوچاکە ئەوە (دەیهەنگێوێت)، واتە زەرەری لێ دەدات وتوشی بەڵاو موسیبەتی دەکات.

وەهەروەها بەردو دارو پەڕۆی سەر گۆڕەکەشی بە گەورە دادەنێن و ترسێکی نهێنیان لێیان هەیە لە قوڵایی دڵەوە.

وە دەوێرن سوێندی نابەحەقیش بخۆن بەخوا، بەڵام بەسەری شێخ یا قەبری شێخ ناتوانن سوێند بخۆن، چونکە لەو زیاتر دەترسن وەك لەخوا لە ڕاستیدا !، ئەم ترسەش شیرکە چونکە خوا فەرمانی کردووە بەبونی ئەو ترسە لەو بەتەنها (وە هەر شتێکیش ئەو ﷻ فەرمانی پێکردبێت و پێی خۆش بێت، ئەوە عیبادەتەو حەقە تەنها بۆ ئەو ﷻ بکرێت، وە لادانی بۆ غەیری ﷲ شیرکە) وەهەروەها ئەو ترسە دەبێتە ڕێگری عەبد لە سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی ﷲ.

وە پەروەردگار لە قورئاندا باسی کردوە کە موشریکەکان هەوڵیان دەدا پێغەمبەر ﷺ بترسێنن لەپەرستراوە درۆیینەکانیان کە خۆیان لێیان دەترسان.

﴿أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِينَ مِنْ دُونِهِ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴾ (الزمر: ٣٦)

وە لە کۆنیشدا (عاد)ی قەومی هود ئیعتیقادیان وابو کە پەرستراوەکانیان لە هود توڕەبوون و تێکیان داوەو دەستیان لێ وەشاندووە، لەسزای ئەوەی هود خەڵکی لەو پەرستراوانە (الآلهة) دور دەخستەوەو بانگی دەکردن بۆ پەرستنی ﷲ بەتەنها.

وەك پەروەردگار فەرمویەتی :

﴿إِنْ نَقُولُ إِلَّا اعْتَرَاكَ بَعْضُ آلِهَتِنَا بِسُوءٍ قَالَ إِنِّي أُشْهِدُ اللَّهَ وَاشْهَدُوا أَنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ﴾ (هود: ٥٤).

واتە: ئەی هود ئالیهەتەکانی ئێمە تۆڵەیان لێ سەندیتەوەو شێتیان کردوی!

بەڵام هود فەرمووی من خوای گەورە دەکەمە شاهید وەئێوەش ببن بەشاهید کە من بەریم لەو پەرستراوانەی کەکردوتانە شەریکی ﷲ، وەلەهیچیشیان ناترسم؛ لەبەر ئەوە بێ منەت بن چیتان پێ دەکرێت بیکەن من پشتیوانم بەپەروەردگارمە.

وە شەیطان هەوڵی ئەوەدەدات ئەم جۆرە ترسە بخاتە دڵی موسڵمانانەوە و وایان لێ بکات لەغەیری خوا لە پیاوچاکان و شتی وەهمی بترسن و ترسەکەیان تەنهالە

خوا نەبێت. وەك پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ (آل عمران: ١٧٥).

واتە شەیتان دەتان ترسێنێ لە غەیری خوا لە دۆستەکانی!، دەی مەترسن لەوانە بەڵکو تەنها لە خوا بترسن، ئەگەر ئێوە بڕوا دارن !. کەواتە لەو ئایەتە پیرۆزەدا دەرکەوت کە نابێت لە غەیری خوا ئەم جۆرە ترسە شاراوە ئیعتیقادی یەمان هەبێت ئەگەر ئیماندار بین. وەلە ئایەتی تریشدا ئەو ترسەی لێ حەرام کردوین وەك: ﴿ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ ﴾ (المائدة: من الآية٣).

(٢) ترسی سروشتی: وەك لەشێر یا لەمار یالەزاڵمێکی دەسەڵاتدار بترسیت؛ ئەو جۆرە ترسە شیرك نی یەو سروشتی یە چونکە ترسێکی نهێنی ئیعتیقادی نیە بەڵکو هۆی ترسانەکە بەرجەستەو هەست پێ کراوو بەرچاوە. وەگوناهیشی نی یە ئەگەر نەبێتە هۆی وازهێنانی واجب یا کردنی حەرام؛ بۆ نمونە کاتێك پەروەردگار فەرمانی کرد بە موسا و هارونی برای کە بچن بۆ لای فیرعەونی زاڵم و طاغوت، هەردوکیان ترسان و وتیان : ﴿قَالاَ رَبَّنَا إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفْرُطَ عَلَيْنَا أَوْ أَن يَطْغَى﴾ (طـه:٤٥).

واتە: ئێمە دەترسین دەست درێژیمان بکاتە سەر، یاخود یاخی بێت لە حەق!. بەڵام لەگەڵ ئەو مەترسی یەش فەرمانی پەروەردگاریان هەر بەجێ گەیاندوو ترسەکە نەبوە هۆی کەمتەرخەمی گوناهباری.

کەواتە پێویستە موسڵمانان بەگشتی و بانگەوازیکارانی ڕێگای ڕاستیش بەتایبەتی ترسی ستەمکاران نەبێتە ڕێگری پابەند بونیان بەدینی ﷲ وبانگەوازی بۆ ڕێبازە ڕاستەکەی. ئەگینا گوناهبار دەبن و پەروەردگار لێیان دەرەنجێت و پشتیان تێ دەکات!، کەواتە پێویستە لەسیفەتی ترسنۆکی خۆمان بپارێزین وە دینی ﷲ ڕابگەیەنین و لەخوا نەبێت لەکەس نەترسین، بۆ ئەوەی لەو کەسانە بین کە پەروەردگار لەم ئایەتانەدا مەدحی کردون :

﴿الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلا يَخْشَوْنَ أَحَداً إِلَّا اللَّهَ وَكَفَى بِاللَّهِ حَسِيباً﴾ (الأحزاب:٣٩.)

﴿ وَلاَ يَخَافُونَ لَوْمَةَ لآئِمٍ ﴾(المائدة: ٥٤) ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا اللَّهَ فَعَسَى أُولَئِكَ أَنْ يَكُونُوا مِنَ الْمُهْتَدِينَ﴾(التوبة:١٨)

جۆری شەشەمی شەریک بۆ خوا دانان لە پەرستندا:

شیرك لە ئیعتیماد کردنە سەرو، پشت پێ بەستندا

(الشرك في التوكل– توكل العبادة –)

پێویستە مرۆڤ بۆ دابین کردنی خۆشی و لادانی ناخۆشی پشت ببەستێت بەو پەروەردگارە هەردەم زیندوەی کە نامرێ:

﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لا يَمُوتُ﴾ (الفرقان:٥٨).

وەبەتوانایە لەسەر هەموو شتێك

﴿وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ﴾ (الأنعام: ١٠٢)

بەڵام غەیری خوا قابلیەت و توانای ئەوەی نیە کە پشتی پێ ببەسترێت و ئیعتیمادی بخرێتە سەرو ئەمەلت پێی بێت کە خۆشیت بۆ دابین بکات و ناخۆشیت لەسەر لاببات. لەبەر ئەوە پەروەردگار فەرمانی کردوە بە پشت بەستن تەنها بەخۆی :

﴿وعلى الله فليتوكل المتوكلون﴾(إبراهيم:١٢). واتە تەنها بەخوا پشت ببەستن.

﴿وە هەر شتێكیش ئەو ﷻ فەرمانی كردبێت بە ئەنجامدانی و پێی خۆش بێت ئەوە عیبادەتەو حەقە تەنها بۆ ئـەو ﷻ بكرێـت، وە لادانی بۆ غـەیری ﷲ شیركە﴾.

وە ئیعتیماد خستنە سەر ﷲ لە هەموو كارێكدا، لە گەورەترین جۆرەكانی عیبادەت كردنی دڵە بـۆ ﷲ. وە لەگـەورەترین سـیفاتە چاكەكانی بڕوادارە ڕاستەقینەكانە، كـە ﴿وعلى ربهم يتوكلـون﴾ وە بـەبێ ئیعتیمـاد خسـتنە سـەر ﷲ نـە ئیمانـدارێتی هەیـە نـە ئیسلامەتی.

لەبەر ئەوە پەروەردگار پشت بەتەنها بەخوا بەستنی كردۆتە مەرجی ئیمان :

﴿وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾(المائدة:٢٣).

واتە تەنها بە خوا پشت ببەستن ئەگەر ئێوە بڕوادارن.

كەواتە ئەگەر مرۆڤ پشتی بەخوا نەبەست ئەوە ئیمانی نی‌یـە. وەئەگـەر پشـت پـێ بەسـتنەكەی بەتـەنها بـە ﷲ نـەبوو بـەڵكو ئیعتیمادی خستە سەر غـەیری ﷲ بۆ دابین كردنی سودو لادانی زیانێكی وا كە لە توانای كەسدا نی‌یە جگە لە ﷲ.

وەك ئیعتیماد خستنە سەر ئەولییاو پیاو چاكی مردوو یا غایب، بۆ ئەوەی بیپارێزن و ڕزقی زۆر كەن و شەفاعـەتی بـۆ بكەن،ئـەوە ئیمانداری ڕاست نی‌یەو شەریكی بۆ خوا داناوە شیركی گەورە پەنا بەخوا.

بەڵام كە هاتوو لە شتێكی دیاری لەتواناداب‌ووی مرۆڤ ئیعتیمادی خستەسەر كەسێكی زیندوی بەتوانا، ئەوەش هەر شـیركە، چـونكە ئیعتیمادی دڵی خستۆتە سەر غەیری ﷲ، وەئومێدو ڕەجای بە غـەیری ئەو ﷻ بووە. بەڵام شیركی بچوكە نەك گەورە.

تێبینـی: پشت‌بەخوابەستن‌بەتەنها ئەوەناگەیەنێت كە هیچ وەسیلەوسەبەبێك نەگرینە دەسـت. بـەڵكو پێویسـتە مـرۆڤ سـوربێت لەسەربەكارهێنان و گرتنە دەستی هەر سەبەبێك كە سودی تێدا دەبینرێت، بەڵام لە پاشانیش تـەنها پشـت بـەخوا ببەسـتێ نـەك بـە سەبەبەكانی وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:

(احرص على ماينفعك واستعن بالله)[1].

واتە: سوربە لەوەدەست هێنانی هەرشتێك كە سودت پێ دەگەیێنێت وەپشتیش تەنها بەخوا ببەسـتە و داوای یارمـەتی تـەنها لـەو بكە سودت پێ بگەیەنێت بە ﴿سەبەبەكانت و سەبەبی تریش كە خۆی دەیزانێ ﴾.

وەخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ﴾ (هود: ١٢٣).

واتە خوا بپەرستەو هەر عیبادەتێك كە نزیكت بكاتەوە لە بەهەشـت بیكـە، بـەڵام نەكـەی پشـت بەعیبادەتەكـەت ببەسـتیت و وابزانیت لە بەهای عیبادەتەكەت دەچیتە بەهەشت و عیبادەتەكەت بای ئەوەیە!.

كەواتە وازهێنان لەئەسباب و هەوڵ و تێكۆشان بە بیانوی پشت بەخوا بەستنەوە، بێ شەرعیو بێ عەقڵی‌یە.

وە لەبەرامبەریشدا زێدەڕەوی كردن لە ئەسبابداو ئیعتیماد خستنە سەریان جگە لەخوا شیركە. پەنا بەخوا.

**** *******

(١) صحيح مسلم ٢٦٦٤.